## چەند خاڵێک لە بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی فینلەند بۆ هەڵبژاردنی پارلمان، کە لە 3/7 تا 2007/3/18 بەڕێوە دەچێت

### هەموو سەرمایەی ماددی و مەعنەوی ئەم کۆمەڵگایە دەبێ سەرلەنوێ بەشکرێتەوە!




لەگەڵ ئەوەدا کە فینلەند وڵاتێکی دەوڵەمەندە، بەڵام لەم فینلەندە دەوڵەمەندەدا زیاتر لە 16000 مناڵ لەژێر هێڵی هەژارییدا دەژین. حیزبە دەسەڵاتدارەکان بەڵێنییان دابوو کە پێش بگرن بە هەژاریی و هەڵاواردن، بەڵام ئەمڕۆ لەبەرچاوی هەمووان و وەک ڕۆژی ڕۆشن دیارە، کە ڕۆژ بە ڕۆژ هەژاران هەژارتر و دەوڵەمەندان دەوڵەمەندتر دەبن.

ئەوەی کە تەنانەت زیاتر لە دە ساڵە ئابووری فینلەند لە گەشەکردندا بووە و بودجەی دەوڵەت زیادی دێنێت و بۆرسی کۆمپانییەکان ریکۆردی سوود دەشکێنی و سەدان هەزار کەس لە هەژارییدا دەژین ئەوە دەگەیەنێت، کە خراپی گوزەران و بژیوی خەڵک لە خراپی باری ئابووری وڵاتەوە سەچاوە ناگرێت، بەڵکو ئەو ئاوە لە سەرچاوەی سیاسەتەوە قوڕاوە. کاربەدەستانی حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی ئەم وڵاتە و خودی پارلمان بە قیمەتی هەژارکردنی هاووڵاتییان گیرفانی خۆیان و سەرمایەدارانییان پڕ کردووە.

حیزبی کۆمۆنیستی فینلەند بە خستنەڕووی بەرنامەیەکی پێنج خاڵی پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت، کە لانیکەمی بیمە کۆمەڵایەتییەکان و باری گوزەران و بژیوی دانیشتووانی ئەم وڵاتە بە گارانتییەکی یاسایی باشتر بکرێت:

1) هەر کەسێکی تەمەن سەرووی 18 ساڵ، کە لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا بۆ نموونە بەهۆی بێکاریی، کاری کاتی و پچڕ پچڕ، خوێندن، پیریی، نەخۆشی یان بە هەرهۆیەکی تری لەم چەشنە ئیمکانی کارکردنی نییە، یا خود بە شێوەیەکی تر ناتووانێ ژیانی خۆی دابین بکات، دەبێ مانگانە لە لانیکەمی زەمانەتێکی ئابووریی 800 یۆرۆیی، کە باجی لێنادرێت بەهرەمەند بێت.

2) کەسێک کە داهاتی مانگانەی لە 1000 یۆرۆ تێپەڕ ناکات، نابێ باجی لێبسەنرێت. ئەم گۆڕانکارییە بە شێوەیەکی تایبەتی باجی شارەوانییەکان دەگرێتەوە و ئەم باجنەدانەی کەمداهاتانیش دەبێ بۆ نموونە بەو شێوەیە قەرەبوو بکرێتەوە، کە داهات و سوودی سەرمایەدارانیش بخرێتە ژێر ڕکێفی سیستمی باجی شارەوانییەکانەوە.

3) دەبێ یاسای لانیکەمی موچەی کار دابنرێت، کە تەزمینی ئەوە بکات، کە موچەی کاری مانگانەی لەباری زەمەنییەوە نۆرماڵ، نابێ لە 1300 یۆرۆ کەمتر بێت. بەمجۆرە بەر بە دەسئاوەڵایی خاوەنکاران دەگیرێت، کە فینلەند بکەنە بازاڕێکی گەورەی کاری هەرزان.

4) دەبێ چاکسازییەکی وەها لە بەڕێوەبەرایەتی بیمە کۆمەڵایەتییەکان (کێلا) دا ڕووبدات، کە دانی یارمەتیە ئابوورییەکان بەتەواوەتی بە (کێلا) بسپێردرێت. بەمجۆرە (کێلا) وەک تاقانە دەزگایەکی دابینکردنی بیمە کۆمەڵایەتیەکان لە ژێر چاوەدێری پارلماندا کار دەکات و هاووڵاتییان ناچار نابن بۆ وەرگرتنی یارمەتییەکانیان موراجەعەی شوێنی تر بکەن.

5) دەبێ ئەم چاکسازییەی بیمە کۆمەڵایەتییەکان لەماوەی خولی کارکردی پارلمانی ئایندەدا واتە لە ساڵی 2007 وە تا ساڵی 2010 بە کردەوە جێبەجێ بکرێت. لە هەنگاوی یەکەمدا هەرچی زووتر دەبێ یارمەتی

بازاڕی کار، یارمەتی بێکاریی، یارمەتی خوێندکاران و بەشی سەرەکی یارمەتی بژیو و یارمەتی خانەنشینی ئەو کەسانەی کە یارمەتیەکەیان کەمە، و هەروەها یارمەتی ڕۆژانەی ئەوانەی نەخۆشن و یارمەتییە ڕۆژانەکانی تر زیاد کرێن. بۆ نموونە دەبێ هەرچی زووتر یارمەتی خانەنشینی ئەو کەسانەی کە لەڕووی تەمەنەوە خانەنشین کراوون تا ڕادەی 50 یۆرۆ زیاد کرێت و یارمەتی خوێندکارانیش تا ئاستی % 15.

بۆ ئەنجامدانی ئەم چاکسازییە، کە دەبێ لە ماوەی خولی کارکردی پارلمانی ئایندەدا بەڕێوە بچێت، ساڵانە کەمتر لە یەک ملیارد یۆرۆ بەسە. ئەو مەبلەغە دەکرێ بەجۆرێک دابین بکرێت، کە قازانجی سەرمایەداران و خاوەنکاران دروست وەکو موچەی کاری کرێکاران باجی بخرێتە سەر و باجی قازانجی خاوەن کۆمپانیاکان بەرزکرێتەوە بۆ ئاستی باجی وڵاتانی OECD وەهەروەها مامەڵەی بۆرسیش بخرێتە ژێر ڕکێفی باجەوە.

**حیزبی کۆمۆنیستی فینلەند**




**دەبێ سەرلەنوێ هەرچی هەیە بەشکرێتەوە!**

زۆربەی فینلەندییەکان خوازیاری بەڕێوەچوونی سیاسەتێکی ترن، بەڵام بۆ بڕیاردان لە هیچ کوێ دنگیان نابیسرێت. لە پارلمانی فینلەندا جێگەی ئاڵترناتیڤێکی ڕۆشن و جێی متمانەی چەپ و سورو سەوز خاڵییە. لە هەڵبژاردنەکانی ئەم جارەی پارلماندا پرسیاری سەرەکی ئەوەیە، کە ئایا ئەم نایەکسانی و لەبانسەری خەڵکەوە بڕیاردانە هەروا درێژەی دەبێت یان لەم هەڵبژاردنانەدا داخوازی گۆڕینی مەسیر بەرز ئەبێتەوە؟

داهاتی سەرانەی نەتەوایەتی فینلەند زیاتر لە دەساڵە لە گەشەسەندندایە. بەڵام لەگەڵ ئەوشدا هەژاری هەر ڕوو لە زیادبوون بووە و بەجۆرێک کە بێکاریی بەکۆمەڵ بووەتە دیاردەیەکی هەمیشەیی و خزمەتگوزارییە گشتییەکانیش کەمکراونەتەوە و ژیان بەگشتی نائەمنتر بووە.

لەلایەکەوە سەرمایەداران بە ملیۆنها سوود و سەهم و بە ئاسانکاریی باج یارمەتی دەدرێن و لەلایەکی ترەوە خەڵکی کەمداهات و بێکاران و خوێندکاران و خێزانە منداڵدارەکان و خانەنشینان دسدرێژی دەکرێتە سەر سفرەی بژێوەنەقیان و لە یارمەتی و مەزایاکانیان دەبڕن و لەملاشەوە هەر دێ و دەسەڵات لە دەستی ژمارەیەکی کەمدا کۆدەبێتەوە.

زۆربەی یاساکانی فینلەند لە یەکیەتی ئەوروپایەکەوە دێن، کە هاووڵاتیانی ئیمکانی ئەوەیان نییە لە بڕیاردانا بچووکترین کاریگەرییەکیان هەبێت. لە ڕێگەی دەستووری یەکیەتی ئەوروپاوە هەوڵ ئەدەن مەیدانی باڵادەستی بازاڕێک کە لە خاوەندارێتی کۆمپانیا زەبەلاحەکاندایە هەرچی زیاتر بەرفراوان کەنەوە، و لەو ماف و دەسکەوتە ئینسانییانە کەم کەنەوە، کە بە خەباتی کرێکاران و بزووتنەوە جەماوەرییەکان بەدەسهاتوون.

مەترسی شەر لە جیهاندا زیادی کردووە. هەروەها لە ڕێگەی هێزە سەربازییەکانی یەکیەتی ئەوروپا و نزیکبوونەوەی زیاتر لە (ناتۆ)، پشتگیری سیاسەتی جەنگیی ئیمپریالیستی دەکەن. ئەمانە، لە هەمانکاتدا، کە ئیددیعا دەکەن، کە پارە نییە بۆ لەسەرکاردامەزراندنی بێکاران، بۆ خزمەتگوزارییە گشتییەکان، بۆ خانەنشینان، بۆ پاراستنی ژینگە و بۆ یارمەتی وڵاتانی هەژار تەرخانی بکەن، خۆیان لە مەیدانی پیشەسازی چەکوچۆڵدا مەبلەغگەلێکی باوەڕنەکەردەنی خەرج دەکەن.

گەرمبوونی هەوای زەوی هەڕەشە لە دواڕۆژی مرۆڤ دەکات. کۆمپانیا زەبەللاحەکان و دەمودەزگای دەوڵەتیی، کە نوێنەرایەتی بەرژەوەندەکانیان دەکات، ئامادە نین دەس بۆ ئەو ڕێگاچارە خێرا و ڕادیکاڵە بەرن، کە ئاسایشی ژینگەکەمان گەرەکیەتی.

بۆ سەرکەوتن بەسەر نایەکسانییەکان و نائەمنیەکاندا مەسیرگۆڕینێکی بنچینەیی پێویستە. بۆ ئەم مەبەستە دەبێ هەرچی داهات و کار و دەسەڵاتە سەرلەنوێ دابەشکرێتەوە. حیزبە دەسەڵاتدارەکان (حیزبی سەنتەر، حیزبی سۆسیالدێموکرات و حیزبی سویدیزمانەکان) دەیانەوێت بە هەمان شێوەی تا ئێستایان لێبخوڕن، کە ئەمە خۆی تا ڕادەیەکی زۆر پراتیککردنی بەرنامەی حیزبی ئیئتلاف و یەکیەتی ناوەندیی کاسبکارانە (Elinkeinoelämän keskusliitto). حیزبی چەپ و حیزبی سەوزیش ئامادەن بە هەر نرخێک کە بووە و بۆ جارێکی تر لە حکوومەتدا جێگەی خۆیان بکەنەوە. تەجرووبەی هەڵبژاردنەکانی پێشوو ئەیسەلمێنێت، کە پشتگیریکردنی ئەو حیزبانەی ئێستا لە پارلماندان، تەنیا و تەنیا بەفیڕۆدانی دەنگ و کزکردنی لایەنی مەسیرگۆڕە.

گۆڕینی مەسیری سیاسی بەوە دەکرێت، کە بە هێزێکی بەرینی کۆمەڵایەتی بڕیاردەران بخەیتە ژێر گوشارەوە و بەمجۆرە مەیدانی دەسەڵات و بڕیاردانی هاووڵاتییان بەرفراوانتر کەیتەوە. دەبێ کارێک بکەین، کە دەنگی بزووتنەوەی کرێکاریی و بزووتنەوە جەماوەرییەکان، دەنگێک کە خوازیاری گۆڕانکارییە، لە تەلاری پارلمانیشدا ببیسرێت.

حیزبی کۆمۆنیستی فینلەند (SKP) لە ڕێگەی ئەم هەڵبژاردنانەوە ئاڵترناتیڤێکی چەپی سور و سەوزی دژی کاپیتالیستی دێنێتە ئاراوە، کە لە پارلمانی ئەمڕۆدا جێگەی خاڵییە. ئەم بەرنامەی هەڵبژاردنی پارلمانەمان لە ڕێگەی دیالۆگ و بینینی خەڵک لە مەیدانی شار و شارۆچکە و گەڕەکەکان و شوێنی کار و لە ڕێگەی دیالۆگی ناو ڕێکخراوگەلێکی جەماوەری جۆراوجۆرەوە ئامادە کردووە. بەڵێنی ئەدەین، کە دوای هەڵبژاردنی پارلمانیش واتە لەم هەڵبژاردنەوە تا هەڵبژاردنی پارلمانی ئایندەش سوور بین لەسەر خەبات بۆ چەسپاندنی داخوازییەکانمان. لە هەمان کاتدا ئەم بەرنامەیە، پێشنیارنامەیەکی هاوکارییە لەگەڵ هەموو ئەوانەی کە ژیان و خۆشگوزەرانی ئینسان و سرووشت لایان گرنگترە لە سوودی بازرگانی و نرخی بۆرس و ململانێی ئابووری.

**حیزبی کۆمۆنیستی فینلەند** www.skp.fi/uusimaa

لە بەرنامەی (هەموو شتێک دەبێ سەرلەنوێ دابەشکرێتەوە!) داوا دەکەین:

– داهاتەکان دەبێ بەشێوەیەکی دادپەروەرانەتر دابەش بکرێن. بەرهەمدابەشکردنی نێوان کار و سەرمایە، دەبێ بە قازانجی کرێکاران بگۆڕێت و دەشبێ سیستمی زەمانەتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بەجۆریک باش بکرێت، کە هەژاری بنەبڕ بکرێت.

– کار و کاتی کار دەبێ بەشێوەیەکی یەکسان دابەش بکرێت. دەبێ خەڵکی لە دەردی بێکاریی و چەرمەسەری کاری لێرولەوێ و پچڕپچڕ رزگارییان بێت، و بێکارکردنی بەکۆمەڵیش لەمپەرێکی بۆ دابنرێت.

– لە چاکسازی ساختاری شارەوانییەکان و خزمەتگوزارییە گشتییەکاندا، دەبێ بەر لە هەر شتێک خواست و پێداویستییەکانی دانیشتووان لەبەرچاوبگیرێت، پاراستنی ئەمنییەتی خزمەتگوزارییەکانی شوێنی ژیان ڕەچاو بکرێت و هەروەها دەبێ کارێک بکرێت، کە دانیشتووان مەیدانی کاریگەریدانانیان فراوانتر بکرێتەوە.

– دەبێ دیفاع لە مافەکانی ژنان و یەکسانی نێوان ژن و پیاو هەر لە چوارچێوەی قسەدا نەمێنێتەوە و بەکردەوە دەربێت.

– دەبێ زیادبوونی خەرج و تێچوونی مەسکەن سنووررێکی بۆ دابنرێت و نایەکسانییەک کە لەبواری گەشەپێدانی ناوچە جیاجیاکاندا هەیە، کۆتایی پێبێت.

– لەبواری ئیکۆلۆژییەوە دەبێ بەرنامەیەکی مەحکەم دابنرێت و لە ڕوانگەی ژینگەپارێزیشەوە دەبێ ڕێگای گەشەسەندنێکی دادپەروەرانە بگیرێتە بەر.

– دەبێ فینلەند لە (ناتۆ) و لە هێزە سەربازییە داپڵۆسێنەرەکانی ئەوروپای یەکگرتوو دوور کەوێتەوە. دەبێ لە دژی شەڕ و ڕاسیسم بین و لە پێناو جیهانێکی دادپەروەرانەتردا خەبات بکەین.

– دەبێ بە فراوانکردنەوەی بازنەی کاریگەریدانانی هاووڵاتییان و بە ئازادکردنی دیموکراتیەت لە کۆتوبەندەکانی کۆمپانیا زەبەلاحەکان و یەکیەتی ئەورووپا، دەسەڵات بۆ جاریکی تر دابەشکرێتەوە و بڕیاردان بگەڕێتەوە بۆ هاووڵاتییان خۆیان.

– نابێ هیچ کرێکار و کارمەندێک لە ڕۆژێکدا لە 6 کاتژمێر زیاتر کار بکات. کەمکردنەوەی سەعاتکاری ڕۆژانە نابێ بەهیچ شێوەیەک ببێتە مایەی کەمکردنەوەی موچەی کار و مەزایاکانی تر.

سۆران زەکی لە فینلەندییەوە کردوویە بە کوردی

**سۆران زەکی پاڵێوراوە لە پارێزگای Uusimaa و لە لیستی حیزبی کۆمۆنیستی فینلەند بۆ هەڵبژاردنی پارلمان کە لە 3/7 تا 2007/3/18 بەڕێوە دەچێت.**

**ژمارەی پاڵێوراوی (کاندیداتۆری) سۆران زەکی 183 یە.**

soran.zaki@yahoo.com
0440-604 778